

کەژال عەلی

***سروودەکانی بەرد***

کێ ئەو بەردانەم بۆ دەخاتە رستەوە
سەریان تاتە شۆری مەرگەو
بنیان بەردە نوێژیی غەدر..
جاویان چلە نیگای شۆر و
دلیان کەشکەلانی بەفر..

هێشتا پۆتەلاکیان تۆزاوی بە شکست
بن بالیان سیخناخ لە بۆگەن
بۆگەنی حەقیقەت..
قۆلتی چەنەو نێو چاویان
پر لە بارانی خوێن
لە سەردولکەی خیانەت..
ئەوان بەردان
تازە لە نەبەردەکان گەرابوونەوە..
قارەمانێتی یان دابوو بە نەررەی دۆراندا..
مشتێ ئەستێرەو ئارمی شکست
بە شان و بەرۆکیانەوە بریقە بریق..
یەک دەنگ تر لە یەک ریزی کورد
لە سەعاتی سفرا..
یەک پارچە تر لە مالی کورد
لەهەلوێست گرتنا..
راوەستاو تر لە دیواری کوردایەتی
لە هێرش بردنا..
بە یەکجار بەرائەتی گولیان
خستە ژێر دارمانیانەوە.
کەڵەی مرۆڤایەتی یان
بە وناوەدا وردو وردو خاش کرد..
بریسکەی دوعایان گەیاندە

حەوت تەبەقەی زولم..
ئیتر وێژدان کرر و
گەردوون کش و
وبێ دەنگی مات..
ئاسمان گر و
زەوی خاچ و
مانگ زەلیل و بە دەسەلات ..
گوێم هەڵخست
بەردووچکەی نووزەیەک
لە کەناری دالووبەوە خلۆر نەبۆوە
خری مافی مرۆڤ..
بروسکە هەوالێ
لە بەرزایی یەکانی خواکورکەوە
نەیدا لە شەققەی دەنگو باس..
وشەیەک لە مینبەرێکەوە مانی نەگرت
هۆلێک کۆرێکی ماتەمی نەگێرا..
هەڵوێستێک نەهاتە سەر شەقام
داوایەک نەگە یشتە
سەر مێزی دادوەرێک..
هیچم نەدی هیچم نەبیست..
بە تەنیا هەر هیچ..

کە بەردی رەجم شمشێری
*انا الحق *ی بەرز کردەوە ،
کیژۆلەی گروگال
سەری برسی بە میهرەبانی کردبوو..
مژی لە ئارامی دەدا..
دوا قومی هەترەشی
لە گەرووی منالی ی بەجێما..
ئێستاش هەر دەکۆکێ..
کێلێکی شەهید
یەکەمین هەنگاوی
لە کفنی بێ ئومێدی ئالقا
ئێستاش رایدەوەشێنێ..
بەردە نوێژێکی پشت قەمبوور
سێ جاران تەکانی دایە خۆی
نەیتوانی کیسەلی تەماشای
بخاتە سەر چۆکان..

ئاخر چۆن برووسکەی ئەو هاوارانە
لەکەڵم بێنمە دەر
کە پەنجەرەیەک شک نابەم لە سەرما..
ملوانکەی ئەو دوعایانە چ لێ بکەم
کە دەنکی ئازاریان بە گۆرێدا بلاو..
مرواری هاواریان
لە بن دەست وپێی نیوەرۆدا شەلال
شەلال بە بێ دەنگی ی
شەلال بە بێ کەسی ی
بە بێ مروەتی خوا..

ئەو بەردە بۆشانەی
نەزاهەتی گول وپاکیزەیی عەشق
درزی بە دیوای دلراقیان نەبرد..
کەلەکی پیاواتیان
بە عاستەم نابزاوتن..
نەیانکردن بە قەترەیەک ئاو
بە دلۆپێک نا مووس
بە دەنکێ حەیا
بە لوێچێ شەرم..
بەردەکان
بەردەکانی رەجم
بەردەکانی بەد باران..

کەژال عەلی